
پاڵاوتنی مەندیال.. پورتوگال گەورەبارانی ئەرمینیای کرد و گەیشتە مەندیال



لە پاڵاتنی مەندیال پورتوگال بە نۆ گۆڵ گوڵبارانی ئەرمینیای کرد و گەیشتە مەندیال.

لە کۆتا یاری قۆناغی کۆمەڵکانی گەیشتن بە مەندیال، پورتوگال لە یاریگای خێدا میواندار ی ئەرمینیای کرد.

لە تایمی یەکەم، کوڵانی خاوەن یاریگا هەر لە سەرەتا و لە خولەکی حەوت لە ڕێگای ڕێناتە ڤێگاوە گەیی یەکەمیان تۆمارکرد بەڵام زۆری نەخایاند و لە خولەکی 18 پسپۆرتسیان ئێنجامەکەی بە ئەرمینیا یەکسانکردەوە.

پاش ئەوەش پورتوگالییەکان هێزی خۆیان پیشاندایەوە و توانیان چوار گۆڵی تر تۆماربکەن لە خولەکەکانی 28 و 30 و 41 و سێی کاتی زیادکراو لە ڕێگەی یاریزانان، ڕامۆس و جواو نێڤێس دوو گۆڵ و برونۆ فێرناندەسیش.

لە تایمی دووەم، دووبارە پورتوگالییەکان بە ئاستەکی بەرزەوە دەرکەوتن، لەم تایمەش توانیان چوار گۆڵی تر تۆماربکەن لە خولەکەکانی 52 و 72 و 81 و دووی کاتی؟زیادکراو، گۆڵکانیش برونۆ دوو گۆڵ و نێڤێس و کۆنسەساو یەکی گۆڵک تۆماریانکرد.

سەرئەنجامیش یارییەکە بە نۆ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵک بەبردنەوە پورتوگال کۆتایی پێهات، خاڵکانیشیان

بووبە 13 خاە و سەرکەوتنیان بە جامی جیهانی مسگەرکرد.

لە یارییەکی تریشدا، ئەرلەندا بە سە گەە بەرامبەر بەدوو گەە شکستی بە هەنگاریا هەنا، بەم ئەنجامەش ئەرلەندا بە کەکردنەوەی 10 خاە چووە پاشکە، هەنگاریاش ماەئاوایی کرد.